# راگەیێنراوی کۆتایی پلاتفۆرمی ئابانت

کۆبوونەوەی پلاتفۆرمی ئابانت کە بە هاوکاری لەگەڵ زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای موکریانی لەژێر دروشمی (با پێکەوە بەدوای ئاشتی و ئایندەدا بگەڕێین) بەسترا، بە نییەتی باش و هەماهەنگ و هاوسۆزانە کارەکانی بەڕێوە برد. بەشداربووان کە کۆک بوون لەسەر مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، متمانەی هاوبەش و بنەما هاوبەشەکانی سەقامگیری، هانی پێکەوەژیان و برایەتی دەدەن. ئەو گفتوگۆ و بەشدارییە بەرابەرییانەی دوو ڕۆژیان خایاند، بە توندی پەرەپێدانی پەیوەندییە هاوبەشەکانیان دووپاتکردەوە و جەختیان لەوە کردەوە، کە ئەم دیالۆگەی دەستی پێکردووە، درێژەی پێ بدرێت و فراوان بکرێت.

پلاتفۆرمی ئابانت، زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای موکریانی ڕاگەیەنراوە، بەڕای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بگەیەنێت.

١. پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، جگە لەوەی خزمەت بە هەردوولا دەکات، هەروەها ئاشتی و سەقامگیری بۆ هەموو ناوچەکە دابین دەکات و بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و سریان و کلدان و ئەرمەن و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودبەخش دەبێت.

٢. مێژوو، جوگرافیا و کولتوور، تورک و کوردیان کردۆتە برا. ئەرکی سەرشانمانە ڕایەڵی ئەم برایەتییە بەهێزتر بکەین.

٣. هەموو سیاسەتێک لەسەر بنەمای ئیتنۆ ناسیۆنالیزم دامەزرابێ، ڕەتی دەکەینەوە.

٤. سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق، دەرگای ئەورووپایە بەڕووی عێراقدا. سنووری عێراقیش لەگەڵ تورکیا ئەو دەرگایەیە کە بەڕووی دیرۆک و مەدەنییەتدا کراوەتەوە. پێویستە ئەم دەرگایانە تاهەتایە بە واڵایی بمێننەوە.

٥. شانبەشانی سیاسەت، پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بوارەکانی کولتوور و ئابووری و بازرگانی و پەروەردە و

تەندروستی پەرەیان پێ بدرێت و هاوکاری زیاتر لەنێواندا بەرجەستە بکرێت.
٦- پێویستە کاری بە پەلە بکرێت بۆ ئاسانکاری هاموشۆ لە سنووردا.
٧- بەشداربووان ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کە یاسا زامنیان بێ، وەک پڕ بەهاترین خاڵی هاوبەش دەبینن.
٨- پێویستە هەموو لایەک بۆ هێنانە کایە و فراوانکردنی زەمینەی لێبوردەیی و دیالۆگ، سوود لە هەموو دەرفەت و ئامرازێک وەربگرن.
٩- هەموولایەک سوورن لەسەر ئەوەی، کە پێویستە مافە دیموکراتی و ئازادییەکان زامن بکرێن، دامەزراوە دیموکراتییەکان بەهێز بکرێن و لە پەیوەندییەکاندا کارەکتەرە دیموکراتیکەکان بخرێنەگەڕ.
١٠- بەشداربووان بەستنی کۆنفرانسێک لە هەولێر بۆ گفتوگۆ کردن لەنێوانی پارتە سیاسییە کوردییەکان بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی دیموکراتی، بە کارێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدەن.
١١- هەوڵ دەدرێت زمانێک لە میدیادا باڵادەست بێت، کە ئاشتیخوازانە، بەڕێز و بیناکەر بێت.
١٢- بەشداربووان، بەکارهێنانی توندوتیژی لە هەموو چارەسەرێکدا ڕەتدەکەنەوە.
١٣- بەباشی دەزانین، هەل و پێویستییەک برەخسێنرێن بۆ بەستن و فراوانکردنی ئەم جۆرە کۆبوونەوە و دیدارانە و بەردەوام بوونیان.
١٤- کردنەوەی کۆنسوولخانەی تورکیا لە هەولێر و نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئەنقەرە، ئومێدی بەشداربووانە.

**ڕێکەوتی ٢٠٠٩-٠٢-١٦**